# کاریگەریی ئایین لەسەر گەشەپێدانی ئابوری
# توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژیی- مەیدانییە

**جەبار قادر ئەحمەد**

بەشی پەروەردەی گشتی، کۆلیجی پەروەردە و زمان، زانکۆی لوبنانی فەرانسی، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئایین یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبون، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک و گروپەکان هەیە، هەروەها ئایین کار دەکاتە سەر سیستەمی ئابوری و بەشێکی گرنگە لە ڕێکخستنی ژیانی ئابوریی تاکەکان؛ لەگەڵ ئەمەشدا بونیادنانی نەتەوە و هۆشیاریی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئابوریی نەتەوەیی دروستدەکرێت، کە بەشێکی گرنگ لە پاراستن و گەشەپێدانی نەتەوەکان لە ڕێگەی ئابورییەوە بەرجەستە دەکرێت. کولتور و ئایین؛ ڕۆڵی گەورە لە نەخشاندنی دۆخی ئابوریی نەتەوەکاندا دەگێڕن، کە بەشێکی گرنگی پەیوەستە بە پیرۆزکردنی کارکردن، ئاکاری کارکردن و خۆشەویستی بۆ کار، بەشێوەیەک بەشێک لە بۆچونەکان پێیانوایە کە ئایینەکان، کاریگەریی قووڵیان لەسەر شێوازی ژیانی تاک و گروپەکان هەیە، بەجۆرێک پایەی کارکردن و بەرهەمهێنان و بازرگانی و کۆششی دنیاییی پیرۆز دەکات، بابەتەکانی پەیوەست بە دەستبڵاوی و فەزیڵەتە کۆمەڵایەتییەکان ناشیرین بکات. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕوی پەیوەندیی نێوان ئایین و ئابوری. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئایین و ئابوری وەکو دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتوری، کاریگەریی و کارلێکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بەشێوەیەک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ئاستی کاریگەری و پەیوەندیی نێوانیان گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها ئایین کاریگەریی بەهێزی لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی نەتەوەیی هەیە، بەجۆرێک گوتاری ئایینی دەتوانێت ڕۆڵێکی بەهێز لە پرۆسەی هاندان بۆ پەرەپێدانی کولتور و ئاکاری کارکردن لە کۆمەڵگەکاندا ببینێت.

**کلیلە وشەکان:** ئایین، کولتوری کارکردن، ئاکاری کارکردن، گەشەپێدانی ئابوری، زیاد خەرجکردن.

---

## پێشەکی

ئایین کاریگەریی بەهێزی لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەشێوەیەک دەتوانێت ڕۆڵی دیار لە هاندان بۆ کارکردن، هەماهەنگی و هاوکاریکردن لە نێوان تاک و گروپەکاندا دەبینێت، بۆیە بەپیرۆزکردنی کار و ئاکاری کارکردن فاکتەری گەشەی ئابورین، بێگومان ئابوریش کاریگەریی لەسەر ئایین و ڕەفتاری ئایینی هەبوە، بۆیە ئایین و ئابوری پەیوەندی و کارلێکی بەهێز و کاریگەر لە نێوانیاندا هەیە. گوتاری ئایینی کاریگەریی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی داهاتی نەتەوەیی هەیە، کە یەکێك لە هەنگاوەکان بریتییە لە چەسپاندنی فکری پیرۆزکردنی کارکردن و برەودان بە کولتوری کارکردن و پاراستنی ژینگە و سامانی نیشتمانی و دورکەوتنەوە لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی خواردن و خواردنەوە، هەر بۆیەشە ئایین کاریگەریی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەیە، بۆ نمونە هاندانی هاووڵاتیان بۆ کارکردن، هەماهەنگی، هاوکاریی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستیی نیشتمان و خۆشەویستی بۆ کار، بەکارنەهێنانی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، قۆرخکاری، فڕێنەدانی پاشماوەی خواردن بە ڕێژەیەکی زۆر و زیادەڕەوێکردن لە خوارادن و خواردنەوە. لایەنگرانی فکری ماتریالیزم باوەڕیان وابو کە ئابوری کاریگەریی بەسەر ئایینەوە هەیە، بۆ نمونە جۆری جێبەجێکردنی ڕێوڕەسم و سروتە ئاینییەکان، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن، بەڵام بۆچونێکی دیکەش هەبو کە پێیبوابو ئایین و گوتاری ئایینی کاریگەرییان بەسەر ئابورییەوە هەیە، یان هەر دوو دیاردەکە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە، توێژەر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لە نێوان دیاردە ئایینی و دیاردە ئابورییەکاندا کاریگەریی دوو لایەنە هەیە. هەروەها کاریگەریی ئایین لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە کردەی ئابوریی مرۆڤەکاندا

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣٠ کانوونی دووەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٧ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٣ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: Jabar.ahmed@lfu.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ جەبار قادر ئەحمەد ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە
لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp15-30

بۆتە جێی سەرنجی کۆمەڵناسی ئاینی، بۆیە لە سەلماندنی ئەوەدا بو کە بیروباوەڕە ئایینییەکانی هەر تاکێک کاریگەریی بەسەر گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەبوە. ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریەکانی ئایین لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی کۆمەڵگەکان دەکات، کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندی و کارلێکی نێوان ئایین و گەشەپێدانی ئابوری.

## ١. چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە

### ١.٢ پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ئایا بیروباروەڕی ئایینی کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی ئابوری هەیە؟، ئایین کاریگەریی لەسەر کولتوری کارکردن، ئاکاری کارکردن، زیادخەرجنەکردن و بەرپرسیاریەتیی کارکردن لە کۆمەڵگەدا هەیە؟

### ٢.٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکی گرنگە بۆ دەرخستنی کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر گەشەپیدانی ئابوری لە کۆمەڵگەدا، بەجۆرێك کە دیدگابینیی خەڵك بۆ برەودان بە ئابوری و میکانیزمەکانی گەشەپێدان دەخاتەڕو.

### ٣.٢ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوی کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر گەشەپێدانی ئابوری لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك برەودان بە کولتوری کارکردن و ئاکاری کارکردن و زیادخەرجنەکردن بە شێوەیەکی زانستی دەخاتەڕو.

## ٢. چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### ٢. ١ ئایین: Religion

بۆ ئەوەی ئایینێك وەك ئایین دەربکەوێت، پێویستە پشت بە پێکهێنەر، یان ڕەگەزە سەرەکییەکان ببەستێت، کە ئەوانیش عەقیدە و ڕێوڕەسمی ئایینی و ئەفسانەن(السواح، ٢٠٠٢، ٤٧). بۆیەیشە ئەم تێڕوانینە پشت بە سێ ڕەهەندی سەرەکی دەبەستێت لە دروستبون و بەردەوامبونی ئایینەکاندا، کە ئەوانیش (عەقیدە، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، ئەفسانە). لە لایەکی دیکەوە (توفیق سمالوتی)، پێیوایە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ئایین بریتییە لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و سیمبول و پەیڕەوکردن لە سۆنگەی بڕوابون بە پیرۆزییەك کەوا ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان ڕێکدەخات، ئەو بیرباوەڕ و پەیڕەوانەش لە پەیمانێك خۆی دەبینێتەوە و ڕێکدەخات، کە تیایدا کۆمەڵەکانی مرۆیی بەشدارن و کۆمەڵگەیەکی تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن. (السمالوطی،٣٣،١٩٨١).

بەباوەڕی کارل مارکس، ئایین یەکێك لە ئایدیۆلۆژیا نەرێتییەکانە کە دەبێت وشیاریی مرۆڤ لەو ڕزگاری بێت، لەبەرئەوەی ئەم ئایینە ئەنجامی دژیەکیی چینایەتییە و لەم سیستەمەی دژیەکیی چینایەتی، ئایین سەر دەردێنێت، هەندێ کات ئاخ و نزای چەوساوەکانە و هەندێ کات شمشێری ستەمکاران، بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بەئاسانی بەسەر چەوساوەکاندا حکوم بکەن (کۆهن، ١٣٨٦، ١١٧). هەروەها لەم گۆشەنیگایەوە، ئایین لە پیرۆزکردن، شەیتانیکردنی هێز، توخم و دیاردەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژوی کۆمەڵگاکاندا گێڕاوە. هەروەها هەندێ کات کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و کەلێنە ئایینییەکان یەکتر دادەپۆشن و دیاردەی دوبارەبونەوە و هاوەدەنگیی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان (ڕیزونانسی کەلێنەکان) ڕوەدەات (فورشت و ڕپستاد، ١٣٩٤، ٤٩١-٤٩٢). بە بۆچونی ئەنتۆنی گیدنز) ئایین بریتییە لە کۆمەڵێک هێما، کە داوای هەستی ڕێزگرتن و ترس دەکەن و پەیوەندیيان بە چەندین ڕیتواڵ و ڕێوڕەسم هەیە، کە لەلایەن کۆمەڵێک لە باوەڕدارنی ئایینییەوە ئەنجام دەدرێن (غدنز،٢٠٠٥: ٥٦٩-٥٧٠). ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتورییە، کە پێکهاتە سەرەکییەکانی بریتین لە بیروباوەڕ، ڕێوڕەسمەکان و سروتەکان، پەرستن و باوەڕبون بەهێزێکی کاریگەر، کە مرۆڤ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستبونیان پێوەی هەیە، بەجۆرێک کە جگە لە باوەڕبون؛ سەقامگیریی دەرونی و ڕوحی بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات. بەشێوەیەکی دیکە بەشێکی گرنگی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابورییە لە کۆمەڵگەکاندا، کە ئاستی پەیڕەوکردنی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت.

### ٢. ٢ ئابوریی نەتەوەیی:

ئابوریی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ دەکرێت، بۆیە کاتێك پێناسەی ئابوریی نەتەوەیی دەکەیت ناکرێت باسی داهاتی نەتەوەیی نەکەیت، کە زۆرجار داهاتی نەتەوەیی بە داهاتی دەوڵەتیش هەژمارکراوە. دەزگای ناوەندیی ئامار داهاتی نەتەوەیی بە کۆی پوختەی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە بەدەستهاتووەکانی وڵات لەماوەی یەك ساڵدا هەژمار دەکات، کە دەرئەنجامی بەشداریکردنی هۆکارە مرۆیی و ماددییەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە. (وەزارەتی پلاندانان، ١٩٧٩، ٨). دیدێکی دیکە پێیوایە داهاتی نەتەوەیی بەکۆی بەهای ئەو کەلوپەل و خزمەتگوزارییانەی لەماوەیەکی دیاریکراودا- کە بەیەك ساڵ مەزندە دەکرێت- بەرهەمهێنراون، بە تێبینیکردنی ئەوەی داهاتی نەتەوەیی لە کەرەستەی ماددی و نامادی پێك دێت(عجینة، ١٩٦١، ٢٤٦).

داهاتی نەتەوەیی بە کۆی ئەو داهاتەی وەك بەدەستهێنانی کار لە دامەزراوە جیاجیاکاندا بەدەستهاتووە دەگرێتەوە، کە بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزاری و چالاکییە ئابورییانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی یەك ساڵدا بەدەستهاتون، کە هاونیشتمانیان لە وڵاتێکی دیاریکراودا بەدەستیان هێناوە و هەمو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کەرتی گشتی و تایبەتەوە. کەواتە ئابوریی نەتەوەیی بریتییە لە کۆی هەمو ئەو داهاتە حکومی و ناحکومی و کەسییانەی کە جۆرێک لە ڕێکخستنی ژیانی خەڵکیان ڕێکخستووە، کە بەشێکی گرنگ لەم بابەتە بریتییە لە بەرهەمی ناوخۆ و دەستی کاری ناوخۆ و کولتوری کارکردن و بەرهەمە جیاوازەکانی دیکە دەگرێتەخۆی، بە جۆرێک بەشێک بن لە گەشەسەندن و بەردەوامبون و پێشخستنی نەتەوەیەک.

## ٣. ڕوانگە تیۆرییەكانی توێژینەوەكە

### ٣. ١ تیۆری ئایین و ئابوری

**ماكس ڤێبەر Max Weber**: ماكس ڤیبەری ئەڵمانی (١٨٦٤- ١٩٢٠)؛ بە گشتی باسی لە ململانێی ناو گروپ و كۆمەڵگەكان كردووە، لە كتێبی (ئابوری و كۆمەڵگە)دا بە وردی باسی هێزە سیاسییەكان و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەدا كردووە، (ڤێبەر) پێیوایە ئەگەر چینی بندەست، بتوانێت لەگەڵ چینی سەردەستدا سەربكەوێت و دەسەڵاتیان لێ وەربگرێتەوە، ئەوەش بەوە دێتە دی كە، یەكەم؛ ڕێژەی یەكسانی و عەدالەت لە دابەشكردنی سەرچاوەكانی كۆمەڵگەدا بەرزبێتەوە. دووەم؛ كۆمەڵگەی بندەست، ڕێگەیان پێ بدرێت بگەنە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری. سێیەم؛ ئەندامانی چین و توێژە بندەستە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان زیاتر یەک بگرنەوە.(Turner, 1998: 89).

چەندین توێژینەوەی جیاجیای لەسەر ئایین و ڕۆڵی ئایین لەسەر تاك و كۆمەڵگە ئەنجامداوە، لەتوێژینەوەكانی جەختی لەسەر چەندین چەمك دەكردەوە، وەكو: خواوەند، تابو یان قەدەغەكراوەكان، كاریزما، بەهاكان، ئاكارە ئایینییەكان، هەروەها لەناو توێژینەوەكانیدا لە پرسی ئایین و جادو قووڵبووەتەوە، بەراوردكاریی لە نێوان جادوكەرەكان یان سیحربازەكان و پیاوانی ئایینیدا كردووە، بە تایبەت لە كۆمەڵگە دێرینەكان، وەكو میسرییە فیرعەونەكان، كولتوری چینی، شارستانیەتی هیندی و بودایدا، لە لایەكی دیكەوە چەند توێژینەوەیەكی گرنگی لەسەر كۆنفشیۆسی و ڕۆڵی ئەم ئایینە لە بونیادی كۆمەڵایەتیی چینی كۆندا، بەشێوەیەكی كۆمەڵناسیانە ڕێنماییەكانی ئایینی ئاسمانی خستووەتە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر كردووە، توێژینەوەی لەسەر مەسیحیەت و ئیسلام كردووە، لەمەشدا بەدواداچونی بۆ كاریگەریی ئاكارە ئایینییەكان كردووە لەناو هەر یەك لەم ئایینانە، بەتایبەت كاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری ئابووری(اسماعیل، ١٩٧١، ٣٩٤).

ڤیبەر بڕوای وابو كە بیروباوەڕە ئایینییەكان بریتین لە هێزی بزوێنەر و پاڵنەری گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكان، كە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا هیچ شتێك هێندەی بیروباوەڕی ئایینی و ئایینە گەورەكانی جیهان بەشێوازێكی ڕادیكاڵانە و شۆرشگێرانە كاری نەكردووەتە سەر ئاراستەكردنی تاك و كۆمەڵگەكان، پەیوەست بە ئەنجامە كۆمەڵایەتییەكانیش بە قووڵی لە ژێر كاریگەریی ڕێنماییە ئایینییەكاندان. (حجازی،١٩٩٩، ١٧٣).

ماكس ڤیبەر لە ئەنجامی لێكدانەوەی دۆخی ئابوریی نەتەوە جیاوازەكان و وردبونەوە لە ئایینەكان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە كولتووری ئایینی و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی گەورە لە نەخشاندنی دۆخی ئابوریی نەتەوەكاندا دەگێڕن، ئەو پێیوابو كە: سەرمایەداری لە ئەورووپا تەنیا بە هۆی هاتنەئارای هەلومەرجی تەكنەلۆژیی گونجاوەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵكو بەر لە هەمو شتێك ئەوە بەرهەمی كولتوریی بیروباوەڕی پرۆتستانتی بوو كە بەهای كاری دنیایی پیرۆز كرد و جەختی لەسەر توانا و دڵسۆزیی تاك كردەوە بەبێ ناوەندگیریی دامەزراوە تەقلیدییەكانی وەك كەنیسەی كاسۆلیكی(حجازی،١٩٩٩، ١٧٥). (ڤیبەر) لە نوسینی پەرتوكی (ئاكاری پرۆتستانتی و ڕوحی سەرمایەداری)یدا، بەگرنگییەوە باس لە ڕۆڵی ئایین دەكات لە پێشكەوتنی ئابوریی كۆمەڵگەدا، ئایین بە بزوێنەری سەرەكیی ئەو چالاكییە ئابوری و بەرهەمدارییانەیە كە كۆمەڵگە پیادەیان دەكات، جەخت لەسەر گرنگی و كارایی فاكتەری ئابوری دەكاتەوە لەسەر پێكهاتەكانی سەرخانی كۆمەڵگە، وەك پێكهاتەی ئایینی و بەهایی و سیاسیی (الحسن، ٢٠١٢، ٥٢٠).

### ٣. ٢ ئایین و گەشەپێدانی ئابوری:

#### كارلێكی نێوان ئایین و گەشەپێدانی ئابوری

سەروەت و سامان، تەنیا لەناو سیستەمی حكومەتدا كورت ناكرێتەوە، بەڵكو ئەنجامی كۆششی نێوان تاكەكانیشە، لەناو چوارچێوەیەكی دیاریكراوی كۆمەڵایەتیدا. بەو مانایە كە تاكەكان خۆیان بەرهەمهێنی سامانی بەرداری ئابورین، لە چوارچێوەی هاریكاری و تێكگەیشتن و هاوبەندی و ئاڵوگۆڕی هاوبەشی نێوان تاك و گروپەكاندا، بەدرێژاییی ئەم ماوەیە كۆمەڵناسیی ئابوریی كلاسیك دەركەوت بەتایبەت لە كتێبەكانی دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتیی دۆركایم و فەلسەفەی پارەی زیمڵ و ئابوری و كۆمەڵگەی ڤیبەر. بەم چەشنە، دەكرێ بڵێین ئەو سێ بەرهەمە بونە كۆڵەكە و بنەمای گفتوگۆكردن لەسەر بونی پەیوەندیی بەهێز لەنێوان ئایین و ئابوریدا. ئیتیكی كاری پرۆتستانتی، بەهای كاری سەخت بەرزدەنرخێنێت و لە وەرگرتنی سود و قازانجدا، ئارەزوی مرۆڤەكان بۆ بەرژەوەندیی كەسی لەبەرچاو ناگرێت.

پرۆتستانتیزم وەها ئیتیكێك بە ویست و خواستی خودا دەزانێت. كەواتە وەها بەرژەوەندیخوازییەك، بریتییە لە جێبەجێكردنی ئەركێكی ئایینی. لە ڕوانگەی ماركسیستییەوە، ئیتیكی كاری پرۆتستانتی، نمونەی هەمان ئەو ئایدۆلۆژییەیە، كە ڕەوایەتی بەو مۆدێلی ئابوریی بەرهەمهێنانە دەدات، كە دەڵێت پێویستە كاتژمێری كاركردنی كرێكاران زیاتر بێت و لە بارودۆخێكی سەختدا كاربكەن. ئەو كرێكارەی بەرگری لەم ئیتیكی كاركردنە درۆزنانەیە دەكات، واتیدەگات كاری سەخت بریتییە ئیرادەی خودا و هەڵبژاردنێكی ئازاد، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ئیتیكە بەلارێدابردنی واقیعیەتە، برەو بەو مۆدێلی بەرهەمهێنانە دەدات، كە كرێكاران دەچەوسێنێتەوە بۆ ئەوەی كەپیتالیستەكان ببنە خاوەنی قازانج و سودمەند بن. كرێكار لەو وەهمەدا دەژی، كە خاوەنی هەڵبژاردن و ویستی ئازادە، بەڵام لەڕاستیدا خاوەن هیچ ویستێكی ئازاد نییە **(William and Timothy,2005: 6)**.

لە كتێبی «ئاكاری پرۆتستانت و گیانی سەرمایەداری»دا، ڤیبەر بنەڕەتەكانی كۆمەڵناسیی ئابوری هەم لەڕوی مێژوییەوە و هەم لەڕوی پراكتیكییەوە داڕشت. سەرەكیترین بۆچون و دیدی ئەو، كە بەهۆی بەراوردكردنی توخمەكانی ئاكاری ئابوریی لە گروپە ئایینییەكانی وەك هیند و بودا و كۆنفشیۆس و تائۆوە دروستبو، بریتییە لەوەی كە سەرمایەداری لەو پانتایی و سەرزەمینانە زیاتر گەشە دەكات كە پرۆتستانتیزم وەك گروپێكی مەسیحییەت زاڵ و باڵادەستە. بەم چەشنە، بەپێچەوانەی بۆچونی كارل ماركس، كە هۆكارە ئابورییەكانی بە هۆكاری پەیدابونی

سەرمایەداری لەقەڵەم دەدا، ڤیبەر پێیوایە فاکتەرە کولتورییەکان (بۆ نمونە ئایین) ڕۆڵیان لە پەیدابونی سەرمایەداریدا هەیە. بەم چەشنە، جەختی زۆری لەسەر شیکردنەوەی ڕەگ و ڕیشە نائابورییەکانی دیاردەیەکی ئابوریی وەك سەرمایەداری دەکردەوە. ئەو لە وتاری بابەتێتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆچونی خۆی دەردەبڕێت و پێیوایە کە پانتایی زانستی ئابوری دەبێ بەرفراوانتر بکرێن و وەك چەترێك بێت؛ ڕۆڵی کۆکەرەوە و داپۆشەر ببینێت. بەم هۆیەیە، لای ڤیبەر ئابوری نەك تەنیا تیۆری ئابوری، بەڵکو پێویستە مێژوی ئابوری و کۆمەڵناسیی ئابوری لەخۆی بگرێت. هەروەها ڤیبەر ئەوەش دەخاتەڕو نەك تەنیا دیاردە نائابورییەکان،( دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش) کاریگەری لەسەر ئابوری بەجێدەهێڵن (weber. 1949: 64-65). ئایین کاریگەریی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەبوە، بە تایبەت پەیوەست بەکارکردن و هاندان بۆ پەیداکردنی بژێو و بەپیرۆزکردنی کار، کە ئەمانە فاکتەری گەشەی ئابورین، بێگومان ئابوریش کاریگەریی لەسەر ئایین و ڕەفتاری ئایینی هەبوە، بۆیە ئایین و ئابوری پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەر لە نێوانیاندا هەیە.

ماکس ڤیبەر پەیوەست بە پەیوەندیی ئایین و ئابوری، دو خاڵی سەرەکیی خستووەتەڕو. یەکەمیان: کاریگەریی پرەنسیپە ئایینییەکان لەسەر ڕەفتاری ئابوری. دووەمیان: پەیوەندیی نێوان پێگەی ئابوریی گروپەکان و سروشتی بیروباوەڕە ئایینییەکانیان. هزرە ئایینییەکانی (ڤیبەر) و پەیوەندیی بە سیستەمی ئابوری لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (ئاکاری پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەدار)دا بەدی دەکرێت. (الحسن، ٢٠١٢: ٤٤٣). بەشداریی ماکس ڤیبەر لە کایەی ئایینی بە بەشدارییەکی جۆریی گەورە دادەندرێت؛ ڤیبەر گرنگیی بە پەیوەندیی نێوان ئایین و ئابوری داوە، و لە لێکۆڵینەوەکەیدا مەبەستی بو سروشتی پەیوەندیی نێوان هەردو دیاردەکە ئاشکرا بکات، کە ئایا ئابوری کاریگەریی بەسەر ئایینەوە هەیە وەکو ئەوەی لایەنگرانی ماتریالیزم جەختیان لەسەر دەکرد؟ یان ئایین کاریگەریی بەسەر ئابورییەوە هەیە؟ یان هەر دوو دیاردەکە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە؟ (ڤیبەر) گەیشتەوە ئەوەی لە نێوان دیاردە ئایینی و دیاردە ئابورییەکاندا، کاریگەریی دولایەنە هەیە (الخشاب، ١٩٨٨: ٥٦).

هەوڵیداوە کاریگەریی ئایین لەسەر ڕەفتار و کردەی تاکەکانیش دەربخات و بکات بەوەی هۆکارە ئایینی و ڕوحییەکان بەچ شێوەیەک لە بەرەوپێشچون و گەشەی کۆمەڵگەدا ڕۆڵدەگێرن، بە تایبەتی لە بواری سیستەمی ئابوری و سەرمایەداریدا. هەروەها کاریگەریی ئایین لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە کردەی ئابوریی مرۆڤەکاندا بۆتە جێی سەرنجی کۆمەڵناسی ئایینیی ڤیبەر، هەر بۆیە لە سەلماندنی ئەوەدابو کە بیروباوەڕە ئایینییەکانی هەر تاکێک کاریگەریی بەسەر گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەبوە. ڤیبەر پێیشیوابو کە بیروڕا و تێگەیشتنە ئایینییەکان دەتوانن ببنە یەکێک لە توخمە دیاریکەرەکانی کردەی ئابوریی مرۆڤ(شوانی، ٢٠١٣: ٦٥-٦٦). (ڤیبەر) چارەسەری بوارە جۆراوجۆرەکانی ئایینی نەکرد، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو توێژینەوەی لە ڕەوشت (مۆراڵ)ە ئابورییەکانی ئایین دەکرد، مەبەستی توێژینەوەی ڕەوشتی ئابوریی ئایین مانای (وێنەی کرداریی ڕەفتار) نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئایین جەخت لەسەر بەهای ئابوری دەکات. لێرەدا ڤیبەر توێژینەوەی ڕەوشتی ئابوریی ئایینی وەکو بەرهەمێکی ئایینی دانا، بۆئەوەی چوارچێوەی توێژینەوەی خۆی دەستنیشان بکات. توێژینەوەی لە ڕەوشتی ئابوریی شەش ئایینی جیهانیدا کرد وەک (کۆنفۆشی، هیندۆسی، بوزی، جولەکە، ڤالاتی، مەسیحیەت و ئیسلام). پاشان توێژینەوەی لە سروشتی ڕەوشتە ئابورییەکان لە هەر یەک لە ئایینەکان و شوێنەوارەکانی لەسەر ڕێکخستنی ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتیی میللەتانی ئەو ئایینانە کرد. ڤیبەر لێرەدا ئایینی بە ئابوری بەستەوە و لەمیانەی ئەم میتۆدەوە، ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە، ئەو نمونەیە بو بە پەیوەندیی نێوان سەرمایەداری و ڕەوشتی پرۆتستانتی. (محمد،١٩٨٦: ٣٢٦). ڤیبەر دەیویست ڕۆڵی هانا و بڕوا ئایینییەکان لە گەشەی سەرمایەداریی مۆدێرنی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا بدۆزێتەوە و بەو ئاکامە گەیشت، کە سەرمایەداریی سەرەتایی پێش لەوەی بەهۆی دونیاپەرستییەوە بەهێزبوبێت، باوەڕی ئایینی تایبەت یارمەتیی سەرمایەگەرایی داوە. (ئیسکات و هال، ٢٠٠٩: ٩).

بەشداریی (ماکس ڤیبەر) لە بواری ئاییندا، بەشدارییەکی تیۆریی مەزنە؛ حەزی بۆ خوێندنی پەیوەندیی نێوان ئایین و ئابوری، لەپشت ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بوو، بۆ ئاشکراکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان دو دیاردەکە، ئایا ئابوری کاریگەریی لەسەر ئایین هەیە وەک ئەوەی لەلایەن خاوەنەکانی لێکدانەوەی ماددییەوە پەسەند دەکرێت؟ یان ئایین کاریگەری لەسەر ئابوری دادەنێت؟ (الخشاب، ١٩٩٣، ٥٨). ئەوەی لەکارەکانی ڤیبەردا هەڵدەهێنجرێت و بەلای ئێمەوە زیاتر جێگەی بایەخە ئەوەیە، کە پێشکەوتنی ئابوری پێویستی بە جۆرێك لە ڕەفتاری ئابورییانەیە کە پێکهاتەیەك بێت لە ئاکار و عەقڵانییەت؛ واتە کار و ڕەفتارە ئابورییەکان لە یەك کاتدا لەسەر بنەمای عەقڵانییەت (بە پاڵنەری بەرژەوەندیی تایبەت و بەدەستهێنانی کەڵك و قازانجی کەسی) و، ئاکار و بەها و فەزیڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: ڕاستگۆیی و متمانە و هاریکاری و کۆششی دڵسۆزانە لە کار و پابەندبون و... بەڕێوەبچن. بەپێی لێکدانەوەی ڤیبەر، ئایینزای پرۆستانتییەت لە ئەوروپای ڕۆژاوا توانیی بە ئاوێزانکردن و هەماهەنگکردنی ئەو دوو خەسڵەتە پێکەوە، بنەمایەکی وا بۆ ڕەفتاری ئابوریی تاك و کۆمەڵگە پرۆستانتییەکان بەرجەستە بکات کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئابوری.

### ٣. ٣ ئایین و ڕەفتارە ئابورییەکان

چەندین شێوە لە ناکۆکیی ئایین و ڕەفتارە ئابورییەکان بونی هەیە، گرنگترینیان بریتییە لە سنووردارکردنی سوو و ڕیبا، هاندان بۆئەوەی بە کەمترین ویست و داواکاریی جۆرایەتی و بە ئەقڵانیبونی ئابوریی مۆدێرنە هەیە. لە ڕاستیدا ئابوریی مۆدێرنە بابەتێک نییە جگە لە کۆنترۆڵکردنی بەرژەوەندییەکان، بێ ململانێیەک کە ناوی بازاڕە، تەنانەت ئایینێکی وەک کۆنفشیۆسی چەندان بەربەستی لەبەردەم گەشەسەندنی سەرمایەداریی ئەقڵانی داناوە (ڤیبەر،١٣٨٦: ٢٣). لە ڕاستیدا کایەی ئابوری پێگەیەکی تایبەتی هەیە و هەمو هەوڵەکانی خۆی لەوە چڕکردووەتەوە کە پەیوەندیی بیرورا ئایینییەکانی تاکێک و کردە ئابورییەکانی بدۆزێتەوە، گرنگترین بابەت کە (ڤیبەر) لە توێژینەوە

ئایینییەکانیدا خستووەتییە ڕو، ئایا ئایینەکان بەشێوەیەکی یەکسان ڕۆڵیان هەبووە لە پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداریدا؟ (ڤێبەر) لە کتێبی ئاکاری پرۆتستانی و گیانی سەرمایەداریدا ڕاستەوخۆ ددان بەوەدا دەنێت کە لە مەسیحیەتدا ڕێچکەی پرۆتستان هەلومەرجێکی گونجاو و لەبار بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی سەرمایەداری دەخولقێنێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە بیروباوەڕە ئایینییەکانی هەر تاکێک کاریگەریی بەسەر گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەبوە، کە بیروباوەڕە ئایینییەکان دەتوانن ببنە یەکێک لە توخمە دیارەکانی کردەی ئابوریی مرۆڤ، بۆیەشە پەیڕەوانی پیوریتانیزم (Puritanism's) کار و کۆششی کەسی بۆ بەدەستهێنانی سامان بە بابەتێکی پیرۆز دەزانێت (ڤێبەر،١٣٨٦: ٢٦).

لەم ڕووەوە، پێویستە ئاماژە بە جۆرج زیمڵیش بکەین. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێوان پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بە دیاردە ئابورییەکان و شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانە لە دیاردە ئابورییەکان تایبەتمەندیی دیاری توێژینەوەکانی زیمڵ بوو. (زیمڵ) لە یەکێ لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانیدا پێیوایە بەرژەوەندییەکان، هانی تاکەکان دەدەن پەرە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن و تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانرێ بەرژەوەندییەکان بپارێزرێن و دەرببڕدرێن. هەروەها ئەو لەم کتێبە ڕایدەگەیەنێت کۆمەڵگە ئەو فۆرمەیە کە تێیدا تاکەکان وەک گشت و یەکێتییەک دەبینێت و لە ناو ئەم کۆمەڵگەیە بەرژەوەندییەکانیان بەدی دێت. بەم مانایە، تاکەکان لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەی هەیانە دێنە کایەوە و بونی خۆیان هەست پێ دەکەن(Simmel, 1971: 24).

لە کتێبی «فەلسەفەی پارە»دا زیمڵ ڕوانگە و دیدە ڕۆشنگەرییەکانی خۆی لەبارەی پەیوەندیی نێوان پارە و دەسەڵات، پارە و هەست و پارە و متمانە و بەشێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانە لەبارەوە دیاردەیەکی ئابوری بەناوی پارە بونی هەیە. بۆ نمونە بەگوێرەی تێگەیشتنەکانی (زیمڵ)، بەهای پارە تەنیا تا ئەو شوێنە بڵاو و فراوان دەبێت کە دەسەڵات بیپارێزێت. هەروەها بە بڕوای ئەو، ڕێک بەو چەشنەی کە کۆمەڵگە بەبێ متمانە ناتوانێ ئارام و جێگیر بێت، مامەڵەی پارەش بێ متمانە ناتوانێ بەردەوام بێت(Simmel, 1978: 179 to 185.). لای (زیمڵ)، پارە بە جیاکردنەوەی ڕکابەرییە سۆزداری و هەستەکییەکان دەبێتە هۆی زۆربونی کۆمپانیا بازرگانییەکان، بەڵام بە فراوانبونی پەیوەندییە گشتگیرەکانی تاک بە گروپەکانەوە، دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئازادیی کەسی و بەگشتی دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی هەستی تاکگەرایی و دواجار پارە هەستی ئایندەڕوانی لە تاک دروستدەکات. بەشێوەیەکی گشتی و بەو چەشنەی کە بیرمەندەکان ڕایدەگەیەنن (زیمڵ) بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ئەوەی خستۆتەڕو، کە ئابوریی پولەکی چۆن کولتور و لە ئاکامدا پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ یەکتر دەگۆڕێت و دواجار پارە وەک دیاردەیەک، کە هەڵگری پەیام و ئاکامێکی کۆمەڵایەتییە دەردەکەوێت. لە بەرانبەردا کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣)، فەیلەسوفی سیاسیی ئەڵمانی پێیوابو کە دامەزراوەی ئابوری (یان مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان)، بریتییە لە شێوازەکانی دیکەی سیمای کۆمەڵگە.

کۆنسەپتەکانی ژێرخان و سەرخان ئەم جۆرە پەیوەندییانەی کۆمەڵگە شیدەکاتەوە. پێگەی ژێرخان ئاماژە بۆ مۆدێلی ئابوریی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە دەکات، کە سەرخانی کۆمەڵگە دیاریدەکات. سەرخان، بریتییە لە هەمان مۆدێلی بەرهەمهێنانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری، مۆراڵی، زانستی و کولتوریی کۆمەڵگە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ئایین بۆ نمونە، مۆدێلێکی سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەریی چالاکیی مرۆیی نییە، بەڵکو ئەمە مۆدێلی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانە، کە لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت و فۆرم بە ئایین دەدات و پێگەکەی دیاریدەکات. کەواتە سەرخان، بریتییە لە تیۆرییەکی ماتەریالیستی، کە ئایین وەکو بەشێك لە سەرخانی کۆمەڵگە دەبینێت (William and Timothy,2005: 6).

## ٣.٤ ئایین و گەشەپێدانی ئابوریی نەتەوەیی

ئابوریی نەتەوەیی، بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی ئابوریدا بەکار دەهێنرێت، چ وەك پەیکەر چ وەك سیستەم، ئەوەندەی گوزارشتە لە ئابوریی دەوڵەتێك بە گشت سێکتەرە تایبەتی و گشتییەکانییەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بەو مانا ئایدیۆلۆژییەی کە لە لای هەندێ گروپی سیاسی و ئیتنیکی بەکار دەهێنرێت. ئەم جۆرە بەکارهێنانەی چەمکی نەتەوە لە ئەدەبیاتی ئابوریدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و هاوتایە لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی ئابوریی سیاسی، لە ئێستایشدا هەماهەنگە بەو تێڕوانینە نوێیەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بۆ ئەم چەمکە باوە. لێرەدا ئابوریی نەتەوەیی یان نیشتمانی لە دیوێکییەوە کاتیگۆرییەکی بابەتییە بۆ خوێندنەوە و پێوان و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئابوریی دەوڵەت بەگشتی؛ لە لایەکی دیکەوە سیستەم و سیاسەتێکە بۆ بەڕێوەبردنی ئابوری.

بۆ ئەمەیش دو دەروازەی سەرەکی دەخاتە سەر پشت: یەکێکیان تایبەتە بە قەبارە و ئاست و ئاراستەی چالاکییەکانی کەرت و یەکە ئابورییەکان و کۆی گشتیی ئابوریی دەوڵەت، ئەویتریشیان تایبەتە بە شێواز و مۆدێلی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کار و سامان و شێوازی پەیوەندییە ئابورییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان؛ ئەم بابەتەیش بەگشتی جەوهەری ئابوریی سیاسی پێکدەهێنێت. ویلهێلم ڕۆخەر ( William Roscher) (١٨٤٥- ١٩٢٣) یەکێك لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی قوتابخانەی مێژوویی ئابوری، پێیوایە کە کرۆکی ئابوریی سیاسی بریتییە لە یاساکانی پێشکەوتنی ئابوریی نەتەوەیی. ئەو پێی وایە کە لە ناواخنی ئابوریی سیاسیدا جەوهەری ئابوریی نەتەوەکانمان بۆ ڕوندەبێتەوە و پەی بەو دیاردە نمونەییانە دەبەین کە لە لای نەتەوە دوبارە دەبنەوە، وەك: دیاردەکانی دابەشکردن و ڕێکخستنی کار، دابەشکردنی داهات، دامەزراوە ئابورییەکان، هەروەها ئەو یاسایانەی کە گەل سامانی پێ دەهێنێتە بون لە ڕێگەی کارەکانییەوە، پاشتر سامانەکەی پێ زیاددەکات و دابەشی دەکات، بەکاری دەبات و ئەوجا سەرلەنوێ بەدیی دەهێنێتەوە (Roscher,2009: 116).

## ٣.٥ ڤێبەر و ڕەوشتی ئابوریی ئایینەکان

چالاکیی سەرەکیی (ڤیبەر) لە بواری ڕەوشتی ئابوریدا پەیوەندی بە "کتێبی ڕەوشتی پرۆتستانت و گیانی سەرمایەداری"ەوە هەیە. لە ڕاستیدا بە پێی باوەڕی ڤیبەر، زاهیدگەرایی ڕەوشتی کالڤینی کەشوهەوایەک دروست دەکات کە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەداری، دواتر هەمو جۆرە پێشکەوتنێک بەدوای خۆیدا دێنێت. بۆیە لە بەرهەمەکانی ڤیبەردا، پێناسەکان سەبارەت بە ڕەوشتی ئابوری یان تەنانەت ئەو کردارانەی کە گوزارشت لەم ڕەوشتە دەکەن، زۆرجار ئایین و بیروباوەڕی جۆراوجۆر جیا لە ئایینە. (ڤیبەر) ڕەوشتی پرۆتستانتی بە نمونەیەکی ئایدیالیی ڕەوشتی ئابوری دەزانێت کە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەداری. ئەم بیرۆکەیە وا دەکات بەرهەمەکانی دیکەی سەبارەت بە ئایینەکان بە شێوەیەک پێناسە بکرێن کە لەگەڵ دیدگای کالڤینیزم بگونجێت. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕەوشتی ئابوریی کالڤینیزم وەک نمونەیەکی ئایدیالیی ڕەوشتی ئایینی لە پێوەندی لەگەڵ گیانی سەرمایەداریدا پێناسە بکرێت، جۆرێکی دیکەی ڕەوشتی ئابوریش هەیە کە ڕەنگی ئایین یان بیروباوەڕی دیکەیان وەرگرتووە، کە ئەنجامی کردەی نەریتی و سۆزدارین. ئەو کردارانەی کە عەقڵانی نین یان لانیکەم بنەمای سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەداری و هەڵوێستی مۆدێرن بەرامبەر کۆمەڵگا دروست ناکەن.

بابەتی سەرنجی (ڤیبەر) لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا "ڕەوشتی ئابوری" بووە. ڕەوشتی ئابوری فاکتەری سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەدارییە. ڕەوشتی ئابوری جیایە لە هەندێک بیروباوەڕی ئایینی و فاکتەری ڕێوڕەسمی کە مرۆڤەکان لە کاتی کۆمەڵایەتیبون لە کۆمەڵگادا بە بەدەستهێنان فێری دەبن. ئەوەی لەم بەرهەمەدا گرنگییەکی بنەڕەتیی پێدراوە، ڕەوشتی ئابورییە.

بە هەمان شێوە نەریت و بیروباوەڕە تەقلیدیەکان دەتوانن لە ژێر کاریگەریی ئایینەکانی تردا بن و خۆیان لە ڕەوشتی ئابوریی کالڤینیزم دوور بخەنەوە. ڤیبەر ئەم جۆرە لە ڕەوشت، کە ئەنجامی دابونەریتی ترە، بە ڕەوشتی ئابوریی نەریتی ناوبرد. لە ڕاستیدا "ڕەوشتی ئابوریی کالڤینیزم" و "ڕەوشتی ئابوریی نەریتی" دەتوانن دو ئایدیالی بنەڕەتی بن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بەپێی تیۆرییەکانی ڤیبەر داڕێژراون. "چەند قۆناغێکی مێژوویی گرنگ هەن، کۆمەڵگەیەک لەم قۆناغانەدا هەڵیاندەبژێرێت، ئەو هەڵبژاردنانە بە دوو لایەنە دەزانێت، هەڵبژاردنی نێوان پرۆسەیەک کە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی کایەکانی ژیان و پرۆسەیەک کە شێوازە نەریتییەکانی ئەکتەرێك بەردەوام دەکات" (کرایب، ٢٠١١: ٣٨٣)، نەک چەمکی ڕەوشتی ئایینێک، بەڵکو ئەو ڕەفتارە ڕەوشتییەی کە لێیەوە دێتە ئاراوە، کە سودی دەرونی هاوتای تێگەیشتنی هەر ئایینێکی دیاریکراوی هەیە، سودەکانی فێرکردنی "میزاجی" تایبەتی ئەو ئایینە بە مانای "کۆمەڵناسی" وشەکە پێکدەهێنێت. بۆ پیوریتانیزم ئەم ڕەفتارە شێوازێکی ژیان بوو کە بە شێوەیەکی میتۆدی و عەقڵانی دیاری دەکرا و لە ژێر هەندێک بارودۆخدا ڕێگەی بۆ "گیان"ی سەرمایەداریی نوێ خۆش دەکرد" (وبر، ٢٠٠٨: ٢٥٠). بە بڕوای (ماکس ڤیبەر)، گیانی سەرمایەداری لەسەر بونی جۆرێک لە کارگەی بەرهەمهێنان دامەزراوە کە ئامانجیان بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و ئامرازەکانیان ڕێکخستنی عەقڵانیی کار و بەرهەمهێنانە. هەر ئەم پەیوەندییەی نێوان خواستی قازانج و دیسپلینی عەقڵانییە، کە لەڕوی مێژوییەوە تایبەتمەندیی جیاوازیی سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی پێکدەهێنێت. مرۆڤی تەماحکار و دەوڵەمەند، لە هەمو کۆمەڵگا ناسراوەکانی جیهاندا هەبوون، بەڵام حاڵەتی دەگمەن و ڕەنگە تاکە حاڵەتەکە بونی مەیلێک بێت بۆ تێرکردنی ئارەزوی پارە، نەک لە ڕێگەی ڕزگارکردنەوە و گەمژەیی یان سەرگەرمییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی خۆبەخشی بۆ دیسیپلین و بەکارهێنانی زانست (ارون، ٢٠١٦: ٦٠١).

ئەوەی بە گیانی سەرمایەداری ناودەبرێت، پەیوەندییەکی نزیک و دانەبڕاوی هەیە لەگەڵ بەخشینی بەها بە کار و بەکارهێنانی هەمو هێز و بەهرە مرۆییەکان لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و دوبارە دامەزراندنەوەی سەرمایە و هەر لەبەر ئەمەشە جۆرێکە لە خۆپارێزیی ئابوری لەگەڵ هاندەرە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بە بنەمای سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەداری دەزانێت. جۆرێکی دیاریکراو لە ئایینداری کە بە ئیدانەکردنی سامان بەناوبانگە، لەم جۆرە تێڕوانینە بۆ سەرمایەدارییش یارمەتیدەرە". سەروەت و سامان لەڕوی ڕەوشتییەوە تەنها کاتێک سەرزەنشت دەکرێت کە ببێتە هۆی بێکاربون و چێژوەرگرتنێکی گوناهبارانە." کەڵەکەکردنی سامان خراپە، کاتێک ئامانجەکە خۆشیی ڕاگوزەر و بێکارییە، بەڵام بەدەستهێنانی سامان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکی مرۆڤەوە نەک تەنها لەڕوی ڕەوشتییەوە ڕێگەپێدراوە، بەڵکو لە ڕاستیدا پێشنیازکراوە" (وبر، ٢٠١٢: ١٤).

بە بڕوای زیمڵ، ئاڵوگۆڕ کلیلی تاوتوێکردنی دیاردە ئابورییەکانە؛ ئاڵوگۆڕکردن ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێتە هۆی دەربڕینی کاریگەرانەی ئارەزوەکانی. لەسەر بنەمای ئەم گێڕانەوەیە، تەنیا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕەوە دەتوانرێت پەیوەندیی نێوان کەس و سوژە (ئۆبژێکت) کە تا ئێستا "پرۆسەیەکی دەرونی" بووە، بکرێتە "پەیوەندییە سەروکەسیی بابەتیی نێوان سوژەکاندا" (Deflem, 2003: 3) هەرچەندە زیمڵ لێرەدا زمانی "زیادەبەها" و "بەهای ئاڵوگۆڕ" بەکارناهێنێت، بەڵام ڕونە کە ئەوەی مەبەستی لە پەیوەندیی نێوان کەس و ئۆبژە، زیادەبەهایە، و مەبەستی لە "پەیوەندییە سەروکەسییە بابەتییەکان لە نێوان ئۆبژەکاندا" بریتییە لە" بەهای ئاڵوگۆڕکردن. بە بڕوای زیمڵ بەهای ئابوری یان بەهای ئاڵوگۆڕ هیچ پەیوەندییەکی بە چەمکی بەهای بابەتیی مارکسەوە نییە، لانیکەم چونکە هۆکارەکەی ئاڵوگۆڕی ئابورییە. بە بڕوای زیمڵ ئەوەی شتێک لەڕوی ئابورییەوە بەنرخ دەکات ئەوەیە، کە دەتوانرێت لە بەرامبەر شتێکی تردا بەدەست بهێنرێت، یان کاریگەریی لەسەر ئاڵوگۆڕکردن هەبێت؛ تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆ بابەتی ئاڵوگۆڕیش نەبێت. ڕوانگەی زیمڵ بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەسەر بنەمای چەمکی دوانەی سود/قوربانی دامەزراوە. بە واتایەکی تر، لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا هەر لایەنێک بۆ ئەوەی یەک شت بەدەست بهێنێت، دەبێت شتێکی تر بکاتە قوربانی؛ بەڵام "ئەو بەهایەی کە لە پێناو بابەتێکدا دەکرێتە قوربانی هەرگیز ناتوانێت لەوە گەورەتر بێت کە لە بەرامبەردا بەدەستی هێناوە". (Goodman & George, 2004: 169) فەلسەفەی پارە، کە زیمڵ سەرەتا ناوی لێنا "دەرونناسیی پارە"، بەسەر دو بەشدا دابەش دەبێت؛ بەشی یەکەم کە پارە وەک گۆڕاوێکی وابەستە تاوتوێ دەکات و پێی دەوترێت شیکاری، بەشەکەی تر کە پارە وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ دەزانێت،

پێی دەوترێت پێکهاتەیی. لە کاتێکدا بەشی شیکاری باس لە پەرەسەندنی تیۆری پارە دەکات بە ئاراستەی بابەتیکردن و بەخشینی سەربەخۆیی بە بەها، بەشی یەکگرتوو لەڕوی دیالەکتیکی ڕزگاریی تاکەکەسی و بابەتیکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لێکەوتەکانی دراوسازیی گشتگیر شیدەکاتەوە. ڕزگاربون و بێ کەسایەتیکردنی تاک، عەقڵانیزم و عەقڵانیکردنی ژیان، ئەو زاراوە سەرەکییانەن کە زیمڵ لە نیشانەناسیی مۆدێرنیتەدا بە گشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی بەکاریدەهێنێ. واتە پارە دەبێتە ئامرازێک بۆ یەکسانکردن و پێوانەکردن و گۆڕینی چۆنایەتییە بۆ چەندایەتی. زیمڵ دەڵێت سەربەخۆیی لە پەیوەندییە سۆزدارییەکان کە لە پارەوە دەست پێدەکات، لە هەمانکاتدا، بە شێوەیەکی ناتەبا دەبێتە هۆی جۆرێک لە وابەستەیی بە ئەوانی دیکە؛ چونکە پارە توانای یەکخستنی خەڵک و لە هەمانکاتدا نەهێشتنی هەر شتێکی شەخسی پێبەخشیوین. پارە وەک ئامرازێک بۆ ئازادی، دەبێتە هۆی بێ کەسایەتیکردن؛ چونکە مەیلی جیاکردنەوەی مرۆڤەکانی لە پەیوەندییە سۆزدارییە قووڵەکانیان هەیە (زیمل، ٢٠١٨: ٣٨٧).

بەم دیدگایە بێت پارە وەکو بەهایەکی گرنگی ئابوری، دەتوانێت بەسەر زۆر لەو دۆخانەدا زاڵبێت، کە بنەما و بەهای گرنگی مرۆڤایەتی و پرۆسەی ژیانکردنن، ئەم دیدگایە زیاتر دوای ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و ئابورییانە زاڵتر بووە، چونکە مرۆڤ لە بەرانبەر بەشێک لە پێداویستییەکاندا لاواز دەبیندرێت. "پارە ئامرازێکی ڕەهایە؛ هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ "هەمو ئامانجەکان"دا لە پەیوەندیدایە. وەک ئامرازێکی ئاڵوگۆڕکردن گونجاوە بۆ ئەوەی پارە بگۆڕدرێتەوە بە کەلوپەل، دار یان چەک. هەمو جۆرە کاڵایەک بە یەک بەها دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ پارە. لە کاتێکدا پارە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ هەمو جۆرە کاڵایەک (زیمل، ٢٠١٨: ٣٥٧).

### ٣. ٦ گەشەپێدانی ئابوریی نەتەوەیی:

لە لای (هۆبزباوم)، نەتەوە، بزاڤی نەتەوەیی دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە بزاڤی نەتەوەییە نەتەوە دروست دەکات؛ واتە جگە لە زەمینە و پێشمەرجی ئابوریی پیشەسازی، دەکرێ بونی بزاڤی نەتەوەییش پێشمەرجێك بێت بۆ بنیاتنانی نەتەوە، بەڵام بەو پێیەی کە هەم هەلومەرجی ئابوریی پیشەسازی و، هەم پێداویستییەکانی دروستبونی نەتەوە لە کولتوری هاوبەش و زمانی یەکگرتو و بەرژەوەندیی هاوبەش، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دروست دەکرێن. هەر بۆیە بزاوتی نەتەوەییش تەنیا لە ڕێگەی بنیاتنانی دەوڵەتەوە دەتوانێ کار بۆ بنیاتنانی نەتەوە بکات. لەم بارەیەوە "ماسیمۆ دازیلیۆ" سەرکردەی بەناوبانگی شۆڕشی ئیتاڵی لە سەردەمی یەکخستنی ئیتاڵیادا، گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: "ئێمە ئیتاڵیامان دروست کرد، ئێستایش ئەوەی لەسەرمانە ئەوەیە کە ئیتاڵییەکان دروست بکەین"(اندرسون، ١٩٩٥: ٢٦-٢٨). بونیادنانی نەتەوە و ئاگایی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئابوریی نەتەوەیی دروستدەکرێت، ئەگەرچی لە دوای ساڵانی شەستەکانەوە هەوڵدرا ڕۆڵی ئابوریی نەتەوەیی پەراوێزبخرێت و زیاتر گرنگی بە ئابوریی فرەنەتەوەکان دەدرا، کاریگەریی ئەم ئابورییە بەسەر ئابوریی نەتەوەییدا زاڵبو، چەندین دامەزراوەی گەورەی ئابوریی فرە نەتەوەکانیش دامەزرا، هەروەها ژمارەیەک ڕێکخراوی ئابوریی جیهانی گەشەیانکرد و دامەزران، بەڵام تاکە ئابوریی نەتەوەیی لە سەدەی بیستەمدا کە بە بەهێزی مایەوە ئابوریی نەتەوەیی ژاپۆنی بوو، بەڵام لەسەدەی بیست و یەکەمدا گۆڕانکاریی جیاوازیش سەری هەڵدا، لەوانە بۆ نمونە هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە ژمارەی ناوچە پیشەسازییەکانیان لەنێو دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەریدا بۆ دوهێندە زیاد بکات، وەک ئەوەی لە کێڵگەکانی ئاسنی هانسیاتک و پەناگەکانی باج لە دەرەوەی سنورەکان و لە دورگەکاندا ڕودەدات، ئەو دورگانەی کە تاکە ئەرکیان ڕێک دورخستنەوەی پرۆسە ئابورییەکان لە کۆنترۆڵی دەوڵەتە نەتەوەییەکان نەبوایە، ئەوا هیچ بەها و نرخێکیان نەدەبو(اندرسون، ١٩٩٥: ٢٨-٣٠).

بەپێی بۆچونی لایەنگرانی ئەو تێڕوانینە، خەسڵەتە سروشتییەکانی تاك و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی نەژاد و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی دەگۆڕێن، لەوێوە کاریگەریی جیاوازیان لەسەر بوارە جیاجیاکان دەبێت، بە بواری ئابوریشەوە. (ماکس ڤیبەر) لە ئەنجامی لێکدانەوەی دۆخی ئابوریی نەتەوە جیاوازەکان و وردبونەوە لە ئایینەکان، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە کولتور و ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گەورە لە نەخشاندنی دۆخی ئابوریی نەتەوەکاندا دەگێڕن (Weber,1949: 80). ئەو گەیشتە ئەوەی کە: سەرمایەداری بەرهەمی کولتوریی بیروباوەڕی پرۆستانتی بو، کە بەهای کاری دنیایی پیرۆزکرد و جەختی لەسەر توانای دڵسۆزیی تاك کردەوە، بەبێ ناوەندگیریی دامەزراوە تەقلیدییەکانی وەك کەنیسەی کاسۆلیکی. ئەو پێی وایە کە چاکسازیی پرۆستانتی و ئاکاری پرۆستانتییانە، لە ڕێگەخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپای ڕۆژاوا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا. پێیوایە کە پرۆستانتییەت و بەتایبەتتریش ڕێچکەی کالڤینی، پایەی کارکردن و بەرهەمهێنان و بازرگانی و کۆششی دنیایی بە جۆرێك بەرزکردەوە کە هاوتای پەرستش بێت، لەهەمان کاتیشدا بابەتەکانی پەیوەست بە زوهد و دورکەوتنەوە لە دەستبڵاوی و بەهەدەردان و فەزیڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگییەکی تەواویان پێ دەدرا.

لەپاڵ ئەمانەیشدا لە ڕێگەی گۆڕینی تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ سووی قەرز و ڕێگەپێدانی بۆ کاروباری و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان بە شێوەی پێبەپێ و هاندانی پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنانەوە، دەرگەیەکی نوێی بەڕوی کەڵەکەکردنی سەرمایە و پاشەکەوت و وەبەرهێناندا کردەوە (القصاص، ٢٠١٤: ٨٠).

## ٤. لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### ٤. ١میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

- میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە بریتییە لە چەندایەتی؛ ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نمونەوە، (Social Survey by sampling)، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە. ئاشکرایە جۆری توێژینەوەکە، جۆری میتۆدی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp15-30

توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات، ئەم توێژینەوەش لەم ڕووەوە میتۆدەکەی هەڵبژێردراوە.

- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق- شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە. **سەبارەت بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون**؛ پارێزگای هەولێر زۆرترین بەشداربوی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت کە بریتییە لە ڕێژەی (٤١,٦%) کە (١٧٠ فۆرم بووە). زۆریی ڕێژەکە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە (زۆریی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان) و (زۆریی دانیشتوانی ناو سەنتەری پارێزگای هەولێر). دووەمیش بریتییە لە پارێزگای دهۆك، ڕێژەکەی (٢٢,٠٥%)ە، (٩٠ فۆرم بووە). سێیەمیش پارێزگای سلێمانییە، ڕێژەکەی (٣١,٨٦%)ە (١٣٠ فۆرم بووە)و نزمترینیش پارێزگای هەڵەبجەیە (٣,٧٥%)، (١٨ فۆرم بووە). شوێنی نیشتەجێبون کاریگەریی لەسەر جۆری بیرکردنەوە هەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەندێ ناوچەدا تێکەڵبونی ئاینی و نەتەوەیی بە بەرفراوانی بووە و لە یەك سنوری جوگرافیی دیاریکراودا پێکەوە دەژین، لەهەندێ ناوچەشدا بە پێچەوانە زۆر بەدەگمەن ئەم پێکهاتانەی تێدا دەبینیت.

- نمونەی توێژینەوەکە: (٤٠٨) یەکە بەشێوەی هەڕەمەکیی سادە وەرگیراوە.

### ٤. ٢ ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face validity):**

بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری توێژینەوەکەمان خستە بەردیدەی دەستەیەکی پسپۆڕ بە پلەی پرۆفیسیۆر و یاردەدەری پرۆفیسیۆر لە بەشی کۆمەڵناسی، ئەمەش لە پێناو دەرخستنی بۆچونی خۆیان لەبارەی بڕگەکانی پێوەرەکە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە، (٧) بڕگە لابرا و (٢٨) بڕگەش مایەوە. توێژەر پابەند بو بەمانەوەی ئەو بڕگانەی (80%) ڕەزامەندیی پسپۆڕانیان بەدەستهێناوە.

**جێگیری (Reliability):**

ئاماژەیە بەو پەیوەستییەی کە توێژەر دەستی دەکەوێت، لە ئەنجامدانی دو تاقیکردنەوە بەسەر نمونەیەک کە بریتیی بون لە (٣٠) یەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی سادە هەڵبژێدراون. تاقیکردنەوەی یەکەم پێوەریان بەسەر دابەشکرا و وەرگیرایەوە. دوای تێپەربونی (15) ڕۆژ توێژەر گەڕایەوە لای هەمان ئەو یەکانە بۆ پڕکردنەوەی جاری دووەم، واتە لێرەدا پشتمان بە ڕێبازی دوبارە دابەشکردنەوەی تاقیکردنەوە (Test-re-test) بەست، (لە جاری یەکەم هەژمار نەکراون)، دواجار پشتمان بە هاوکێشەی سپێرمان بەست بۆ دیاریکردنی پەیوەستیی نێوان هەردو تاقیکردنەوەکە کە جیاوازییان بەپێی تاقیکردنەوەی (t) یەکسان بوو بە (٠,١١٧) کە ئاماژەدار نییە بە بەراورد بە بەهای خشتەی (٢,٣٢) بە ئاستی ئاماژەداریی (٠,٠١)، بۆیە بەهای جێگیرییەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپێرمان یەکسان بو بە (٠,٩٣) وەک لە خشتەی (١)دا رونکراوەتەوە.

خشتەی ١

جێگیریی پێوەری توێژینەوەکە

| داتاکان | تاقیکردنەوەی یەکەم | تاقیکردنەوەی دووەم | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | هاوکێشەی سپێرمان | ئاستی ئاماژەداری ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 30 | 30 | | - | - | - |
| ناوەند | 224.6000 | 225.3556 | 0.117 | 2.32 | 0.93 | ئاماژەدارە |
| لادانی پێوەریی | 40.45281 | 39.27146 | | - | - | - |

**ئامرازە ئامارییەکان:**

بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانەی کە دوای جێبەجێکردنی کۆتایی دەست توێژەر کەوتووە، کەرەستەی ئاماری (ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی سپێرمان، تی تێست، ناوەند و لادانی پێوەری) بەکارهاتووە.

## ٥. پرسیارە گشتییەکان

خشتەی (٢)

تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| ژ. | گۆڕاو | ئەلتەرناتیڤەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | **ڕەگەز** | نێر | 186 | 45.6 |
| | | مێ | 222 | 54.4 |
| 2 | **تەمەن** | (18-27) | 117 | 28.7 |
| | | (28-37) | 109 | 26.7 |
| | | (38-47) | 149 | 36.5 |
| | | بەرەو سەرەوە | 33 | 8.1 |
| 3 | **ئاستی خوێندن** | ئامادەیی | 6 | 1.5 |
| | | پەیمانگە | 22 | 5.4 |
| | | خوێندنی باڵا | 95 | 23.3 |
| | | زانکۆ | 275 | 67.4 |
| | | سەرەتایی | 1 | .2 |
| | | ناوەندی | 8 | 2.0 |
| | | نەخوێندەوار | 1 | .2 |
| 4 | **باری کۆمەڵایەتی** | جیابوەوە | 6 | 1.5 |
| | | خێزاندار | 273 | 66.9 |
| | | سەڵت | 129 | 31.6 |
| 5 | **باری ئابووری** | زۆرباش | 11 | 2.7 |
| | | باش | 123 | 30.1 |
| | | مامناوەند | 256 | 62.7 |
| | | خراپ | 16 | 3.9 |
| | | زۆر خراپ | 2 | .5 |
| 6 | **باری موڵکایەتی** | کرێ | 95 | 23.3 |
| | | موڵك | 313 | 76.7 |
| 7 | **شوێنی نیشتەجێبوون** | دەرەوەی شار | 98 | 24.0 |
| | | ناوشار | 310 | 76.0 |
| 8 | **جۆری کارکردن** | بێکار | 27 | 6.6 |
| | | فەرمانبەر | 216 | 52.9 |
| | | قوتابی | 96 | 23.5 |
| | | کاری سەربەخۆ | 23 | 5.6 |
| | | کەرتی تایبەت | 46 | 11.3 |
| 9 | **ئایین** | ئێزیدی | 1 | .2 |
| | | بێ ئایین | 7 | 1.7 |
| | | کاکەیی | 4 | 1.0 |
| | | مەسیحی | 4 | 1.0 |
| | | موسڵمان | 391 | 95.8 |
| | | هی دیکە | 1 | .2 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp15-30

## ٦. پرسیارە تایبەتەکان

### ٦. ١ کاریگەریی گوتاری ئایینی لەسەر کارکردن

خشتەی (٣)

کاریگەریی گوتاری ئایینی لەسەر کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەهەندی یەکەم: باوەڕی ئایینی و کارکردن | پێودانگی هەڵسەنگاندن | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێ ڕام | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ١. باوەڕی ئایینی کاریگەریی لەسەر بە پیرۆزکردنی کارکردن هەیە. | 142 | 34.8 | 170 | 41.7 | 46 | 11.3 | 41 | 10 | 9 | 2.2 |
| ٢. باوەڕی ئایینی وای کردووە کە کارکردن پیرۆز بێت. | 147 | 36 | 179 | 43.9 | 26 | 6.4 | 39 | 9.6 | 17 | 4.2 |
| ٣. هەمو کارکردنێك دروست و پیرۆزە، ئەگەر بەشێوەی ڕاست بێت و کاریگەریی خراپی لەسەر کۆمەڵگە نەبێت. | 238 | 58.3 | 143 | 35.0 | 14 | 3.4 | 8 | 2.0 | 5 | 1.2 |
| ٤. کارکردن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بووەتە نەریت و بە حەز و خولیایەکی زۆرەوە کار دەکرێت. | 48 | 11.8 | 148 | 36.3 | 65 | 15.9 | 127 | 31.1 | 20 | 4.9 |
| ٥. لە کاتی کارکردندا؛ خەڵك بە تەواوی توانایانەوە کار دەکەن و ڕاستگۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن. | 18 | 4.4 | 59 | 14.5 | 65 | 15.9 | 219 | 53.7 | 47 | 11.5 |
| ٦. باوەڕی ئایینی وای کردووە کە خەڵك لەکارکردندا ڕاستگۆیانە هەوڵ بدەن و تواناکانی خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بێت و بەشێك بن لە پێشکەوتنی نیشتمانەکەم. | 38 | 9.3 | 144 | 35.3 | 62 | 15.2 | 124 | 30.4 | 40 | 9.8 |
| ٧. گوتاری ئایینی هاوکار و هاندەری خەڵك بووە، بۆ ئەوەی بە دڵسۆزییەوە کار بکەن. | 46 | 11.3 | 155 | 38 | 68 | 16.7 | 105 | 25.7 | 34 | 8.3 |

### ٦. ٢ باوەڕی ئایینی و کارکردن

ئەم ڕەهەندە لە (٧) بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە، پەیوەست بەو پرسیارەی کە باوەڕی ئایینی کاریگەریی لەسەر بە پیرۆزکردنی کارکردن هەیە، لە وەڵامدا (٧٦,٥٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدا و زۆر لەگەڵیدایان دیاریکردووە، کەواتە زۆرترین بەشداربو پێیانوایە کە باوەڕی ئایینی کاریگەریی لەسەر بەپیرۆزکردنی کارکردن هەیە، بەڵام (١١,٣٪)ی بەشداربوان بێڕان، هەروەها (١٢,٢٪)ی بەشداربوان لەگەڵ و زۆر لەگەڵ ئەم بڕگەیەدا بون. سەبارەت بەوەی کە باوەڕی ئایینی وای کردووە کارکردن پیرۆز بێت؛ لە وەڵامدا (٧٩,٩٪)ی بەشداربوان زۆر لەگەڵیدا و لەگەڵیدان، بەڵام (٦,٤٪)ی بەشداربوانیش بێڕابون و (١٣,٧٪)یش لەگەڵ و زۆر لەگەڵ ئەم بۆچونەدا بون.

پەیوەست بە بڕگەی، هەمو کارکردنێك دروست و پیرۆزە، ئەگەر بەشێوەی ڕاست بێت و کاریگەریی خراپی لەسەر کۆمەڵگە نەبێت، لە وەڵامدا (٩٣,٣٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدا و زۆر لەگەڵیدان، ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزە، هەروەها (٣,٤٪)یش بێڕابون و (٣,٣٪)یش لەگەڵیدا و زۆر لەگەڵیدا نیین. سەبارەت بەو بڕگەیەی کە کارکردن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بووەتە نەریت و بە حەز و خولیایەکی زۆرەوە کار دەکرێت، لە وەڵامدا (٤٨,١٪) لەگەڵیدا و زۆر لەگەڵیدام وەڵامیانداوەتەوە. زۆرترین بەشداربوان پێیانوابو، کارکردن بووەتە نەریت و بە حەز و خولیایەکی زۆرەوە خەڵك کار دەکەن، بەڵام (٣٦٪)ی بەشداربوان لەگەڵ ئەم بڕگەیەدا هاوڕا نەبون و (١٥,٩٪)ی بەشداربوان بێڕا بون.

لە بڕگەی پێنجەمدا ئەوەخراوەتەڕو کە لە کاتی کارکردندا؛ خەڵك بە تەواوی توانایەوە کار دەکەن و ڕاستگۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن. لە وەڵامدا (٦٥,٢٪)ی بەشداربوان زۆر و لەگەڵ ئەم بۆچونەدا نیین، پێیانوانییە کە خەڵك بە تەواوی توانایانەوە کار دەکەن، بەڵام (١٨,٩٪) زۆر لەگەڵ و لەگەڵ ئەم بۆچونەیە کە خەڵك لەکاتی کارکردندا بەتەواوی توانایانەوە کار دەکەن و (١٥,٩٪)ی بەشداربوانیش بێڕان. سەبارەت بە بڕگەی (باوەڕی ئایینی وای کردووە خەڵك لەکارکردندا ڕاستگۆیانە هەوڵ بدەن و تواناکانی خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بێت و بەشێك بن لە پێشکەوتنی نیشتمان)، لە وەڵامدا (٤٤,٦٪)ی بەشداربوان لەگەڵ و زۆر لەگەڵ ئەم بڕگەیەدان، بەڵام (٤٠,٢٪) زۆر لەگەڵدا نیین و لەگەڵدا نیین هەڵیانبژاردووە و (١٥,٢٪)ی بەشداربوان بێڕان. پەیوەست بەو بڕگەیەیی کە گوتاری ئایینی هاوکار و هاندەری خەڵك بووە، بۆ ئەوەی بە دڵسۆزییەوە کار

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp15-30

بکەن، لە وەڵامدا (٤٩,٣٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام هەڵبژاردووە، بەڵام (٣٤٪)ی بەشداربوان، زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە، (١٦,٧٪)ی بەشدرابوان بێڕان.

گوتاری ئایینی کاریگەریی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی داهاتی نەتەوەیی هەیە، کە یەکێك لە هەنگاوەکان بریتییە لە چەسپاندنی بیری ئەوەی کە کارکردنی تاکەکان پیرۆزە و لەمبارەوە پیرۆزکردنی کارکردن ببێتە بنەمای سەرەکیی ژیان. ئایین کاریگەریی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی کۆمەڵگەکان هەیە، بۆ نمونە هاندانی هاوڵاتیان بۆ کارکردن، هەماهەنگی، هاوکاریی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستیی نیشتیمان و خۆشەویستی بۆ کار و پیشە.

**٦. ٣ کولتوری کارکردن**

خشتەی ٤

کولتوری کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەهەندی دووەم: کولتوری کارکردن | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێڕام | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ١. ڕۆژانە حەزدەکەم تەنیا ٧ تا ٨ کاتژمێر کار بکەم. | 94 | 23.0 | 181 | 44.4 | 51 | 12.5 | 70 | 17.2 | 12 | 2.9 |
| ٢. ڕۆژانە حەزدەکەم کەمتر لە ٥ کاتژمێر کار بکەم. | 49 | 12.0 | 115 | 28.2 | 52 | 12.7 | 150 | 36.8 | 42 | 10.3 |
| ٣. لەکاتی کارکردنمدا، هەموو تواناکانی خۆم بۆ خزمەتی دامەزراوەکە و پێشکەوتنی بەکاردەهێنم. | 185 | 45.3 | 168 | 41.2 | 26 | 6.4 | 20 | 4.9 | 9 | 2.2 |
| ٤. هەوڵدەدەم داهێنان لە کارەکەمدا بکەم. | 222 | 54.4 | 153 | 37.5 | 14 | 3.4 | 11 | 2.7 | 8 | 2.0 |
| ٥. تەنیا لە پێناو موچە و بژێوی ژیانمدا کار دەکەم. | 56 | 13.7 | 110 | 27.0 | 44 | 10.8 | 156 | 38.2 | 42 | 10.3 |

(پێودانگی هەڵسەنگاندن)

**ڕەهەندی دووەم: کولتوری کارکردن؛** ئەم ڕەهەندە لە پێنج بڕگە پێکهاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا ئەوە خراوەتەڕو کە ڕۆژانە حەزدەکەم تەنیا ٧ تا٨ کاتژمێر کار بکەم، لە وەڵامدا (٦٧,٤٪)ی بەشداربوان زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدامیان هەڵبژاردوە، بەڵام (١٢,٥٪)ی بەشداربوان بێڕایان دیاریکردووە و (٢٠,١٪)یش زۆر لەگەڵیدا نیم و لەگەڵیدا نیبان هەڵبژاردووە. لە بڕگەی دووەم ئەوە خراوەتە ڕوو کە ڕۆژانە حەزدەکەم کەمتر لە ٥ کاتژمێر کار بکەم، (٤٠,٢٪)ی بەشداربوان زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدامیان دیاریکردووە، ئەم وەڵامە لەگەڵ بڕگەی یەکەمدا هاوگونجاو نییە و جۆرێك لە نارونی لە دەربڕینی بەشداربودا دەبینین، هەروەها (١٢,٧٪)ی بەشداربوانیش بێڕان، لە بەرانبەردا (٤٧,٢٪)ی بەشداربوان بە زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدام وەڵامیان داوەتەوە. کەواتە زۆربەی بەشداربوان حەزدەکەن کەمتر لە پێنج کاتژمێر کار بکەن. لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە کە لەکاتی کارکردنمدا، هەموو تواناکانی خۆم بۆ خزمەتی دامەزراوەکە و پێشکەوتنی بەکاردەهێنم، لە وەڵامدا (٨٦,٥٪) بە لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام وەڵامیانداوەتەوە، بەڵام (٦,٤٪) بێڕان و (٧,١٪)ی بە زۆر لەگەڵیدا نیم و لەگەڵیدا نیم وەڵامیانداوەتەوە. لە بڕگەی چوارەمدا ئەوەخراوەتەڕو کە هەوڵدەدەم داهێنان لە کارەکەمدا بکەم، لە وەڵامدا (٩١,٩٪) بە زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدام وەڵامیانداوەتەوە، بەڵام خودی وەڵامدانەوەکە جێگای هەڵوەستەلەسەرکردنە، کەچی (٤,٧٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدانیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە، (٣,٤٪)یش بێڕابون. **لە بڕگەی پێنجەمدا هاتووە کە** تەنیا لە پێناو موچە و بژێوی ژیانمدا کار دەکەم. لە وەڵامدا (٤٠,٧٪)ی بەشداربوان بە زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدام وەڵامیانداوەتەوە، بەڵام (٤٨,٥٪)یش لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە، کەچی (١٠,٨٪) بێڕابون.

زۆر جار ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوری بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکاندا زاڵبووە، ئەویش بە کۆکردنەوەی پارە بە هەر ڕێگایەک بێت، تەنانەت زۆر کات کۆمەڵگە پێگەی کۆمەڵایەتییان بەو کەسانە بەخشیوە کە ئاستی ئابورییان بەهێزبووە، لەکاتێکدا گرنگ نەبوە ئەم داهات و سەرمایە ئابوریە چۆن کۆکراوەتەوە. گرنگە هاووڵاتیان بۆ کارکردن و کۆکردنەوەی سامان بە ڕێگەیەکی دروست هانبدرێن، بەجۆرێک ئایین کاریگەریی بەهێز لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان بەجێبهێڵێت، لە ڕوانگەی باوەڕبونێکی قووڵ بەکارکردن و هاندانی خەڵک بۆ کارکردن، ئەمەش بە گوتاری ئایینی دەکرێت، چونکە گوتاری ئایینی کاریگەریی بەهێزی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکان هەیە.

**٦. ٤ ڕەهەندی زیادخەرجکردن:**

خشتەی (٥)

زیادخەرجکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەهەندی سێیەم: زیاد خەرجکردن | پێودانگی هەڵسەنگاندن | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێ ڕام | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ١. ڕۆژانە خواردنێکی زۆر دەبێتە پاشماوە و فڕێ دەدرێت. | 176 | 43.1 | 159 | 39.0 | 9 | 2.2 | 40 | 9.8 | 24 | 5.9 |
| ٢. کاتێك لە چێشتخانەیەك داوای خواردن دەکەم، ئەوەندە خواردن داوا دەکەم کە دەخورێت. | 199 | 48.8 | 166 | 40.7 | 13 | 3.2 | 20 | 4.9 | 10 | 2.5 |
| ٣. کاتێك دەعوەتێك لە چێشتخانە یان لە ماڵەوە سازدەکەم، حەزدەکەم خواردنی زۆر ئامادە بکرێت یان خواردنێکی زۆر داوا دەکەم، بۆئەوەی هەست بە شکانەوە نەکەم. | 65 | 15.9 | 142 | 34.8 | 43 | 10.5 | 124 | 30.4 | 34 | 8.3 |
| ٤. کاتێك دەعوەتێك ساز دەکەین، ناچارین خواردنی زۆر و جۆراو جۆر ئامادە بکەین، ئەویش لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵك. | 84 | 20.6 | 135 | 33.1 | 38 | 9.3 | 111 | 27.2 | 40 | 9.8 |
| ٥.کاتێك لە میوانداریین یان میوانمان هەبێت، خواردنی زۆر و جۆراو جۆر ئامادە دەکرێت. | 85 | 20.8 | 212 | 52.0 | 27 | 6.6 | 68 | 16.7 | 16 | 3.9 |
| | دوو تا سێ کیلۆ | | چوار تا پێنج کیلۆ | | زیاتر فڕێ دەدرێت | | هیچ فڕێ نادەین | | کەم خواردن ئامادە دەکەین | |
| ٦. لە ماڵەوەتاندا؛ ڕۆژانە چەند خواردن دەبێتە پاشماوە؟ | 56 | 13.7 | 3 | .7 | 6 | 1.5 | 206 | 50.5 | 137 | 33.6 |

**ڕەهەندی سێیەم: زیاد خەرجکردن؛ ئەم ڕەهەندە لە شەش بڕگە پێکهاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا** ڕۆژانە خواردنێکی زۆر دەبێتە پاشماوە و فڕێ دەدرێت؛ لە وەڵامدا (٨٢,١٪)ی بەشداربوان بە زۆر لەگەڵیدان و لەگەڵیدان وەڵامیانداوەتەوە، ئەم ڕێژەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خواردنێکی زۆر دەبێتە پاشماوە و فڕێ دەدرێت، بەڵام (١٥,٧٪) لەگەڵیدانیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە و (٢,٢٪) بێڕا بون. لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، کاتێك لە چێشتخانەیەك داوای خواردن دەکەم، ئەوەندە خواردن داوا دەکەم کە دەخورێت، لە وەڵامدا (٨٩,٥٪) لە گەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان وەڵامداوەتەوە، بەڵام (٧,٤٪)یش لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیم و (٣,١٪)یش بێڕا بون. لە بڕگەی سێیەمدا کاتێك دەعوەتێك لە چێشتخانە یان لە ماڵەوە سازدەکەم، حەزدەکەم خواردنی زۆر ئامادە بکرێت یان خواردنێکی زۆر داوا دەکەم، بۆئەوەی هەست بە شکانەوە نەکەم، لە وەڵامدا (٥٠,٧٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە و (٣٨,٧٪)یش لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە و (١٠,٦٪) بێڕا بون. لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە کاتێك دەعوەتێك ساز دەکەین، ناچارین خواردنی زۆر و جۆراو جۆر ئامادە بکەین، ئەویش لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵك، لە وەڵامدا (٥٣,٧٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان وەڵامداوەتەوە، کەواتە زۆربەی بەشداربوان کە لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵك خواردنی زۆر لە میواندارییەکانیاندا ئامادە دەکەن و کولتور کاریگەریی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەی خەڵك بۆ ڕێژەی ئامادەکردنی خواردن و جۆرەکەی هەیە، بەڵام (٣٧٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە، (٩,٣٪)ی بێڕا بون. لە بڕگەی پێنجەمدا هاتووە لە ماڵەوەتاندا؛ ڕۆژانە چەند خواردن دەبێتە پاشماوە؟ لە وەڵامی ئەو بابەتەدا دوو تا سێ کیلۆ (١٣,٧٪)، چوار تا پێنج کیلۆ (٧٪)، زیاتر فڕێدەدرێت (١.%)، هیچ فڕێنادەین (٥٠,٥٪)، خواردن کەم ئامادە دەکەین (٣٣,٦٪). لە بڕگەی شەشەم و کۆتاییدا هاتووە؛ کاتێك لە میوانداریین یان میوانمان هەبێت، خواردنی زۆر و جۆراو جۆر ئامادە دەکرێت، لە وەڵامدا (٧٢,٨٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە، بەڵام (٢٠,٦٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان دیاریکردووە و (٦,٦٪) بێڕا بون.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە وەزارەتی شارەوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لە (لە ٩-١٠-٢٠٢٣)وەرگرتووە، لە هەرێمی کوردستان زۆرترین بڕی زبڵ لە هەولێر کۆدەکرێتەوە کە ڕۆژانە نزیکەی ٢٧٧٠ تۆنە. هەروەها لە سلێمانی ڕۆژانە

زیاتر لە هەزار و پێنج سەد تۆن، لە دهۆک ڕۆژانە نزیکەی هەزار و چوارسەد تۆن و لە هەڵەبجەش ڕۆژانە نزیکەی ١٤٩ تۆن زبڵ و ئیدارەی گەرمیان: ٣٩٣ تۆن و ئیدارەی ڕاپەڕین ٣٩٩ تۆن زبڵ کۆدەکرێتەوە، کەواتە کۆی گشتیی هەرێمی کوردستان دەکاتە شەش هەزار و شەسەد و یازدە تەن زبڵ. لەو زبڵەی کۆدەکرێتەوە بەپێی داتایەکی وەزارەتی شارەوانی کە لەساڵی ٢٠٢٠ دا ئەنجامیانداوە، (٣١,٥٤٪)ی زبڵ بریتییە لە پاشماوەی خواردن، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گوتاری ئایینی کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و شێوازی ژیانی تاکەکان بە بەهێزی بەجێ نەهێشتووە، ئەگەر نا فڕێدانی ئەم هەمو پاشماوەی خواردنە نەدەبو بە دیاردەیەکی ناشیرینی کۆمەڵگە. بەپێی ئامارێکی ئەنجومەنی ئابوریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٢ زیاتر لە ١٣ ملیۆن و ٧٦٣ هەزار تەن زبڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان فڕێ دراوە. بەپێی ئامارەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ هەمو زبڵ و خاشاکی هەرێمی کوردستان تەنیا ٦٨٨ هەزار تەن بووە، لەکاتێکدا ئەو ئامارە لە ساڵی ٢٠١٢ بووەتە یەک ملیۆن و ٥٨٣ هەزار تەن. بەپێی ئەو ئامارەی نوێیەی وەزارەتی شارەوانی؛ هەر هاووڵاتییەک لە کوردستان ڕۆژانە زیاتر لە دوکیلۆگرام و نیو پاشماوەی هەیە، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردی جیهان، پێویستە هەر هاووڵاتییەک ڕۆژانە نیو کیلۆ پاشماوەی هەبێت، واتا لە کوردستان پاشماوە نزیکەی دوهێندە زیاترە. ئەم بابەتە جێگەی هەڵوەستەیە و پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانە، چونکە بەشێکە لە بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی.

## ٦. ٥ ئاکاری کارکردن:

خشتەی ٦

ئاکاری کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەهەندی چوارەم: ئاکاری کارکردن | پێودانگی هەڵسەنگاندن | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێ ڕام | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ١. لە کاتی کارکردن لە دەزگا حکومییەکاندا؛ ئەوانەی کە فەرمانبەرن بە تەواوی توانایانەوە کاردەکەن. | 20 | 4.9 | 73 | 17.9 | 60 | 14.7 | 202 | 49.5 | 53 | 13.0 |
| ٢. فەرمانبەران و مامۆستایان؛ دەوامکردن و کارکردن بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام دەدەن، بەشێوەیەك کە جیاوازی لە نێوان کەسدا ناکەن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەمواندا بەشێوەیەکی دروست بەڕێوە دەبەن. | 15 | 3.7 | 65 | 15.9 | 65 | 15.9 | 188 | 46.1 | 75 | 18.4 |
| ٣. هاووڵاتیان لە هەر دەزگایەکی حکومی یان ئەهلی کار بکەن، هەوڵدەدەن بە بێ جیاوازی خزمەتی خەڵك بکەن و ڕێز لە هاووڵاتیان وەك یەك دەگرن. | 17 | 4.2 | 71 | 17.4 | 59 | 14.5 | 199 | 48.8 | 62 | 15.2 |
| ٤. دابەشکردنی کار لە دامەزراوەکاندا لەسەر بنەمای توانا و لێهاتووییە، نەك خزمایەتی و پەیوەندیی کەسی و بەرژەوەندی. | 27 | 6.6 | 42 | 10.3 | 38 | 9.3 | 176 | 43.1 | 125 | 30.6 |
| ٥. خەڵك بەهەر پێوەرێك پارە پەیدا بکەن لای گرنگ نییە، تەنیا دەوڵەمەند بێت و پارەدار بێت. | 82 | 20.1 | 138 | 33.8 | 59 | 14.5 | 92 | 22.5 | 37 | 9.1 |
| ٦. من بەهەر پێوەرێك بێت دەمەوێت دەوڵەمەند بم، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر ڕێزم لێ بگرن و خۆشیان بوێم. | 19 | 4.7 | 48 | 11.8 | 41 | 10.0 | 197 | 48.3 | 103 | 25.2 |
| ٧. هەر کاتێك لە هەر کارێك کە نەتوانم ئەرکەکەی خۆم بە باشی ڕاپەڕێنم، وازدەهێنم، چونکە پارەکە حەرام دەبێت. | 127 | 31.1 | 179 | 43.9 | 51 | 12.5 | 39 | 9.6 | 12 | 2.9 |
| ٨. زۆرینەی خەڵك کاتێك کار دەکەن، لایان گرنگ نییە دەتوانێت ئەرکەکەی خۆی ڕابپەڕێنێت یان نا، گرنگ وەرگرتنی موچەکەیەتی. | 99 | 24.3 | 195 | 47.8 | 44 | 10.8 | 45 | 11.0 | 25 | 6.1 |
| ٩. هیچ باوەڕم بەوە نییە کە بەڕێوەبەر چاودێریی فەرمانبەران بکات، بەڵکو ئەو کەسەی کە کار دەکات؛ باوەڕی ئایینی وای لێکردووە کە کارەکەی خۆی بە باشی ڕابپەڕێنێت. | 69 | 16.9 | 134 | 32.8 | 56 | 13.7 | 116 | 28.4 | 33 | 8.1 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp15-30

**ڕەهەندی چوارەم: ئاکاری کارکردن:** ئەم ڕەهەندە لە نۆ بڕگە پێکهاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە کە لە کاتی کارکردن لە دەزگا حکومییەکاندا؛ ئەوانەی کە فەرمانبەرن بە تەواوی تواناکانیانەوە کاردەکەن، لە وەڵامدا (٦٢,٥٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە، کەواتە زۆرترین بەشداربوان پێیانوانییە کە فەرمانبەران بە تەواوی تواناکانیانەوە کاربکەن و هەموو تواناکانیان بۆ خزمەتی دامەزراوە و خەڵك ناخەنە گەڕ، بەڵام (٢٢,٨٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام وەڵامیانداوەتەوە و (١٤,٧٪)یش بێڕا بون. لە بڕگەی دووەمدا هاتووە کە فەرمانبەران و مامۆستایان؛ دەوامکردن و کارکردن بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام دەدەن، بەشێوەیەك کە جیاوازی لە نێوان کەسدا ناکەن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەمواندا بەشێوەیەکی دروست بەڕێوە دەبەن، لە وەڵامدا (٦٤,٥٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە، واتە زۆرینەی بەشداربوان لە شێواز و ئاستی دەوامی فەرمانبەران و مامۆستایان ڕەزامەند نین و نیگەرانییان لە شێوازی ڕەفتاریان هەیە، و (١٩,٦٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە و (١٥,٩٪) بێڕا بون.

لە بڕگەی سێیەمدا هاووڵاتیان لە هەر دەزگایەکی حکومی یان ئەهلی کار بکەن، هەوڵدەدەن بەبێ جیاوازی خزمەتی خەڵك بکەن و ڕێز لە هاووڵاتیان وەك یەك دەگرن، لە وەڵامدا هاتووە کە (٦٤٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدانیمیان دیاری کردووە، واتە بەشداربوان لەگەڵ ئەوەدا نین کە فەرمانبەران بە تەواوی لە خزمەتی خەڵکدا بن، و (٢١,٦٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام و (١٤,٤٪) بێڕابون. لە بڕگەی چوارەمدا؛ دابەشکردنی کار لە دامەزراوەکاندا لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوییە، نەك خزمایەتی و پەیوەندیی کەسی و بەرژەوەندی، لە وەڵامدا (٧٣,٧٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە و (١٦,٩٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە و (٩,٤٪) بێڕابون. لە بڕگەی پێنجەمدا خەڵك بەهەر پێوەرێك پارە پەیدا بکەن لای گرنگ نییە، تەنیا دەوڵەمەند بێت و پارەدار بێت، لە وەڵامدا (٥٣,٩٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە و (٣١,٦٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام و (١٤,٥٪) بێڕا بون. لە بڕگەی شەشەمدا من بەهەر پێوەرێك بێت دەمەوێت دەوڵەمەند بم، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر ڕێزم لێ بگرن و خۆشیان بوێم، لە وەڵامدا (٧٣,٥٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدامیان هەڵبژاردووە و (١٦,٥٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام و (١٠٪) بێڕابون.

لە بڕگەی حەوتەمدا هەر کاتێك لە هەر کارێك کە نەتوانم ئەرکەکەی خۆم بە باشی ڕاپەڕێنم، وازدەهێنم، چونکە پارەکە حەرام دەبێت، (٧٥٪)ی بەشداربوان لەگەڵیدان و زۆر لەگەڵیدان، هەروەها (١٢,٥٪) بێڕا بون و (١٢,٥)یش لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان هەڵبژاردووە. لە بڕگەی هەشتەمدا هاتووە کە زۆرینەی خەڵك کاتێك کار دەکەن، لایان گرنگ نییە دەتوانێت ئەرکەکەی خۆی ڕاپەڕێنێت یان نا، گرنگ وەرگرتنی موچەکەیەتی، لە وەڵامدا (٧٢,١٪) لەگەڵیدا و زۆر لەگەڵیدا بون و (١٧,١٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نیمیان دیاریکردووە و (١٠,٨٪) بێڕابون. لە بڕگەی نۆیەم و کۆتاییدا هاتووە هیچ باوەڕم بەوە نییە کە بەڕێوەبەر چاودێریی فەرمانبەران بکات، بەڵکو ئەو کەسەی کە کار دەکات؛ باوەڕی ئایینی وای لێکردووە کە کارەکەی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێت، لە وەڵامدا (٤٩,٧٪) لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدان و (٣٦,٥٪) لەگەڵیدا نیم و زۆر لەگەڵیدا نین و (١٣,٨٪) بێڕان.

ئاکاری کارکردن یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و پێویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان، بابەتێکە سەرنجی زۆری لەسەرە، کە ئەویش زادەی کولتوری ئاکاری و کولتوری پیشەیی و ئایین و جۆری بیرکردنەوەی تاک و گروپەکانە؛ چونکە بەپێچەوانەی ئەو بۆچونە نیوکلاسیکییەی کە لە بیری ئابوریدا باوە، مرۆڤ تەنیا لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و بە پاڵنەری بەدەستهێنانی زۆرترین کەڵکی ماددی کار ناکات، بەڵکو مرۆڤ لە هەمان کاتدا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەشێك لە ڕەفتارەکانی دەرهاویشتەی کولتور و بەها و بنەما کۆمەڵایەتییەکانیەتی، کە ئەوانیش بە شێواز و ڕێژە و ئاستی جیاواز لە نێوان نەتەوەکاندا هەن و بەشێك لە ڕەفتارەکانی تاك ئاراستە دەکەن و کاریگەری لەسەر ئابوری و جۆری کارکردن و ئاکاری کارکردن و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤەکان دادەنێن. ئاکاری کارکردن دەرهاویشتەی کولتور و ئایین و ژینگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانە، کە پەیوەستە بەجۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان بەرانبەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە و نەتەوەکەیان، کە هەمیشە پێشکەوتنی ئابوری و گەشەی ئابوری لە کۆمەڵگەکاندا، تەنیا لە سیاسیەتی حکومەتدا بچوکناکرێتەوە، بەڵکو بەشێکیشی پەیوەستە بە جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان بۆ کارکردن و پێشخستنی ئابوریی نەتەوەکەیان، ئەویش بە پابەندبونە بە بەها جوانەکانی ژیانکردن.

## ٨. ئەنجام

١. ئایین و ئابوری وەکو دو دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتوری، کاریگەری و کارلێکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بەشێوەیەک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ئاستی کاریگەری و پەیوەندیی نێوانیان گۆڕانی بەسەردا دێت.

**٢.** ئایین کاریگەریی بەهێزی لەسەر گەشەپێدانی ئابوری هەیە، بەجۆرێک هاندان بۆ برەودان بە کولتوری کارکردن و ئاکاری کارکردن لە کۆمەڵگەکاندا بەشێوەیەکی بەهێز پەرەپێبدات، بەجۆرێک ببێتە هۆی گشەی ئابوری لە کۆمەڵگەکاندا، بە مەرجێک گوتاری ئایینی گوتارێکی هێمن و کاریگەر و بەهێزبێت لەسەر تاک و گروپەکاندا.

٣. کولتوری کارکردن؛ بە شێوەیەکی بەهێز ڕەنگدانەوەی لەسەر بیر و ڕەفتاری تاکەکاندا نییە. لەمبارەوە پێویستە گوتاری ئایینی و نەریتە کولتورییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە سەر برەودان بە کولتوری کارکردن بدەن.

٤. باوەڕی ئایینی ڕەنگدانەوەی بەهێزی لەسەر بەپیرۆزکردنی کارکردن هەیە، ئەگەرچی ئەم بابەتە بەکرداری ڕەنگدانەوەی قووڵی لەسەر ڕەفتاری خەڵك

دانەناوە، کە بەشێکی پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە ماددییەکان لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکان.

٥. لە کاتی کارکردندا؛ بەشێکی زۆری خەڵك بە تەواوی توانایەوە کار دەکەن و ڕاستگۆیانە کارەکانیان ڕۆژانە ڕادەپەڕێنن.

٦. ڕۆژانە خواردنێکی زۆر دەبێتە پاشماوە و فڕێ دەدرێت؛ بەتایبەت لە چێشتخانە و میوانداریکردن لەماڵەکاندا، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گوتاری ئایینی کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و شێوازی ژیانی تاکەکان بە بەهێزی بەجێ نەهێشتووە، بەتایبەت لە زیاد خەرجنەکردن و زۆریی فڕێدانی پاشماوەی خواردن.

٧. زۆربەی بەشداربوان لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵك خواردنی زۆر لە میوانداریەکانیاندا ئامادە دەکەن، بەجۆرێك کە کولتور کاریگەریی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەی خەڵك بۆ ڕێژەی ئامادەکردنی خواردن و جۆر و ڕێژەکەی هەیە.

٨. ڕێژەیەکی بەرزی خەڵك، بەهەر پێوەرێك بێت دەیانەوێت پارە پەیدا بکەن و دەوڵەمەند بن. هەروەها زۆربەی بەشداربوان پێیانوایە کە خەڵك کاتێك کار دەکەن، لایان گرنگ نییە دەتوانێت ئەرکەکەی خۆی ڕابپەڕێنێت یان نا، وەرگرتنی موچەکەی بەلاوە گرنگە.

**٩.** بەرهەمی کولتوری و بیروباوەڕە ئایینیەکان ڕۆڵ و کاریگەریی بەهێزیان لەسەر گەشەپێدانی ئابوریی نەتەوەکان هەیە، بۆ نمونە پیرۆزکردنی بەهای کارکردن، ئاکاری کاکردن و خۆشەویستی بۆ کارکردن، بۆیە کولتور و ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گەورە لە نەخشاندنی دۆخی ئابوریی نەتەوەکاندا دەگێڕن.

١٠. دابەشکردنی کار لە زۆربەی دامەزراوەکاندا لەسەر بنەمای توانا و لێهاتویی نییە، بەڵکو خزمایەتی و پەیوەندیی کەسی و بەرژەوەندی کاریگەریی بەهێزی لە دەستکەوتنی کاردا هەیە.

## سەرچاوەکان


ئیسکات جوولی، هال ئایرین (٢٠٠٩)، ئایین و کۆمەڵناسی، وەرگێرانی: جەلال کشوەر دوست، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

لێژی، دانیال هیرڤیۆ و ئەوانی دیکە (٢٠٠٨)، ئایین چییە، و:عادل باخەوان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ابراهيم عثمان(٢٠٠٦)، مقدمة في علم الاجتماع، الاصدارالثالث، دارالشروق للنشروالتوزيع، عمان.

اسماعيل، الدكتور قبارى محمد (١٩٧١)، علم الاجتماع الالماني، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة.

اندرسون، بندكت و أخرون(١٩٩٥) اعداد: فالح عبدالجبار، مجموعة مؤلفين، القومية: مرض العصر ام خلاصة؟ دار الساقى.

أولفيه ڕوا الجهل المقدس، زمن ئايين بلا پقافه، ترجمه: صالح الاشمر، دار الساقى الگبعه الاولى، ٢٠١٢.

باقر،طة (١٩٥٦)، مقدمة فى تأريخ الحضارات القديمة، الجزء الثانى، حضارة وادى نيل، مطبوعات دار المعلمين العالية، ط٢، بغداد.

بركات، حليم(٢٠٠١)، المجتمع العربى المعاصر، بحث استطلاعى اجتماعى، مركز دراسات الوحدة العربية،ط٧.

بوريكو، ڕ.بوردون وف(٢٠٠٧)، المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: الدكتور سليم حداد، المؤسسة الجامعية الدراسات و النشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت- لبنان.

تيماشيف، نيقولا (١٩٩٣)، نظرية علم الاجتماع طبيعتها و تطورها، ت: د. محمود عودة و أخرون، ط٨، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

جاكسون، ليونارد(٢٠١٤)، نزعمادية كارلماركس، الأدب والنظرية الماركسية، ترجمة: ثائرديب، المركز القومي للترجمة.

حجازى، دكتور محمد فؤاد (١٩٩٩)، النظريات الاجتماعية، مكتبة وهبة، ط٢، مصر،القاهرة.

الحسن, محمد احسان(٢٠١٢)، موسوعة علم الاجتماع، الدرا العربية للموسوعات.

الخريجى، د.عبدالله (١٩٩٠)، علم الاجتماع الدينى، ط١، ڕامتان، جدة.

الخشاب، دكتورة سامية مصطفى(١٩٩٣)، دراسات فى الاجتماع الدينى: علم الاجتماع الدينى، دار المعارف للطباعة والنشر، مصر.

شلحت، د.يوسف (٢٠٠٢)، نحو تظرية جديدة فى علم الاجتماع الدينى، ط١، دار الفارابى، بيروت، لبنان.

عجينة، الدكتور صالح يوسف (١٩٦١)، مبادىء علم الاقتصاد، بغداد، مطبعة التمدن.

غدنز، انتونى(٢٢٠٥)، علم الاجتماع، ترجمة: د. فايز الصياغ، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت.

فراس السواح(٢٠٠٢)، ئايين الانسان" بحپ فى ماهيه الئايين و منشأ الدافع الئايينى، الطبعه الرابعه، دار علاوالئايين للنشر والتوزيع والترجمه ـ دمشق، سوريه.

فلورى، لوران(٢٠٠٨)، ماكس فيبر، ترجمة: د. محمد على مقند،ط١، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت.

السمالوطى،نبيل(١٩٨١)، علم اجتماع التنمية، دراسة في اجتماعيات العالم الثالث، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع.

القصاص،مهدي محمد(٢٠١٤)، علم الاجتماع الديني، دار نيبور، ديوانية، العراق.

كريب، ايان(١٩٩٩)، النظرية الاجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ترجمة: د.محمد حسين غلوم، عالم المعرفة، المجلس الوطنى للثقافة والفنون ولاداب، الكويت.

محمد، على محمد(١٩٨٦)،تاريخ علم الاجتماع، الرواد والاتجاهات المعاصرة، دار المعرفة الجامعة، الاسكندرية.

وزارة التخطيط (١٩٧٩)، الجهاز المركزى للاحصاء، دائرة الابحاث، بغداد.

ويلم، جان بول(٢٠٠١)، الاديان فى علم الاجتماع، ترجمة: بسمة بدران، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ط١.

آرون، ڕيمون(٢٠١٦)، مراحل اساسى سير انديشه در جامعه‌شناسى، ترجمه باقر پرهام، انتشارات علمى فرهنگى.

انتونى گيدنز(٢٠١٩)، جامعه شناسى، ت:حسن چاوشيان، چاپ دوم، نشر نى - تهران، ايران، ١٣٨٧.

تامس‌استرنز اليوت(٢٠٢٠)، درباره فرهنگ، حميد شاهرخ، نشر مركز، چاپ هشتم.

زيمل، گئورگ (2018)، *فلسفۀپول*، ترجمۀشهنازمسمى‌پرست،تهران: بنگاهترجمهونشركتابپارسه.

فورشت، اینگر؛ پل، رپستاد (۲۰۱۵) درآمدي بر جامعه‌شناسي دين: چشم‌اندازهاي كلاسيك و معاصر، ترجمة مجيد جعفريان، ويراستة حسن محدثي گيلوايي، قم: دانشگاه اديان و مذاهب.

کوهن، استانفورد آلوين (۲۰۱۸) تئوريهاي انقلاب، ترجمة عليرضا طيب، تهران: قومس.

کرایب، یان، (۲۰۱۱) نظریه اجتماعی کلاسیک، ترجمه شهناز مسمی پرست، انتشارات آگه.

نیکولاس آبرکرامبی، برایان ترنر، استفن هیل(۲۰۱۳)، فرهنگ جامعه شناسی، مترجم حسن پویا، شرکت چاپخش سهامی خاص.

وبر، مارکس(۲۰۰۸)، دین . قدرت . جامعه ، ترجمه احمد تدین، نشر هرمس، چاپ سوم.

وبر، مارکس(۲۰۱۲)، اخلاق پروتستان و روح سرمایه داری، مترجم عبدالکریم رشیدیان و پریسا منوچهری کاشانی، انتشارات علمی فرهنگی.

Deflem, Mathieu (2003) The Sociology of Sociology of Money, Journal of Classical Sociology, Vol. 3(1): 67-96.

Gordon, Robert (2011), Andrew P. Lyons, and Harriet D. Lyons , Fifty Key Anthropologists, Rout ledge Taylor and Francis group London New York.

Malinowski, Bronislaw (1948). Magic, Science, and Religion, Garden City, N.Y ;Double day.

Ritzer, George & Goodman, Douglas J. (2004) Sociological Theory, McGraw Hill.

Simmel, G. (1971) On Individuality and Social Forms. Edited by Donald N. Levine. University of Chicago Press, Chicago.

Turner, Bryan S. (1998) Weber and Islam, London and New York, Routledge.

William E. Deal and Timothy K. Beal:(2005) Theory for Religious Studies, Routledge New York • London.

Rosche, Wilhelm(2009), Principles of political economy, Wilder Publications, Incorporated, Arno Press, New York.